**ڕاسپاردەکانی کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی هاوبەشی زانکۆی سۆران و پەیمانگەی ڕۆژهەلاتناسیی (ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا):**

– لە پێناو لێکنزیکبوونەوەی زیاتر و کاری پێکەوەیی کاربکرێت بۆ بەردەوامیدان بەو جۆرە کۆنفڕانسە نێودەوڵەتییە هاوبەشانە لەگەڵ دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ڕووسیا، لە شوێنی جیاجیا.

– کارکردن و هەوڵی ڕژد بەهەماهەنگی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوسیا بۆ بەکارهێنانی دەربڕینی هەرێمی کوردستان لە بری دەربڕینی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردی لەلایەن دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتی ڕووسیا.

– کاراکردنەوەی بەشی کوردی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە پرۆسبورگ، کە یەکەمین پەیمانگایە لە وڵاتی ڕووسیا، کە بەشی کوردیی تێدا کراوەتەوە.

– لە پێناو بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسانەی کە خزمەتی کورد و شوناسی کوردیان کردووە، هەندێک شوێنی گشتی وەکو: (شەقام، بنکەیەکی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی)، بەناوی کوردناسە ڕووسەکان بکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی زۆرترین لێکۆڵینەوە و بەرهەمیان لەبارەی کورد نوسیووە.

– کارئاسانی و ڕەخساندنی زەمینە بۆ توێژەرانی کوردی و ڕووسییەکان، بۆ کارکردن لەسەر ئەرشیف و کەرەستەکانی کوردناسی لە ڕووسیا.

– کارکردن و ئاسانکاری بۆ کردنەوەی بەشی زمانی ڕووسی لە زانکۆکانی کوردستان، بۆ ئەمەش سوود لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ڕووسیای وەک: ئینیستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە ڕووسیا وەربگیرێت.

– هاندان و کارکردن لەسەر کۆکردنەوە، دەستخستن و وەرگێڕانی هەموو بەرهەمی کوردناسە ڕووسەکان (کە لەسەر مێژوو، کەلتوور، فەرهەنگ، ئەدەبیات و زمانی کوردی نوسیوویانە) بۆ سەر زمانی کوردی.

- پتەوکردنی پەیوەندییە ئەکادیمییەکانی نێوان زانکۆ، پەیمانگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ڕووسیا و هەرێمی کوردستان و ئاراستەکردنی ئەم پەیوەندییە لە خزمەت پرسە زانستی، نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان.

- کردنەوەی ناوەندێکی ئەکادیمیی هاوبەش لە نێوان زانکۆی سۆران و دامەزراوە ئەکادیمیەکانی ڕووسیا، بەتایبەت (ئینیستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی فراوان لەبارەی کورد و لێکنزیک کردنەوەی توێژەرانی هەردوولا و دروستکردنی تێڕوانینی هاوبەش بۆ پرس و بابەتە جیاوازەکانی نێوانیان.

- کردنەوەی ناوەندێکی زانستی بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە وڵاتی ڕووسیا بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ ئامادەکردنی توێژەر لە زانکۆ و پەیمانگانی ڕووسیا.

- کاربکرێت بۆ دەستەبەرکردنی زەماڵەی خوێندن بۆ قوتابیان و توێژەرانی کورد لە بوارە جیاوازەکانی کوردناسی لە زانکۆکانی وڵاتی ڕووسیا.